# ئایا باسی کەسانێک چییە کە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا سەیری ئاسمان دەکەن؟ بەردەوام بوو لە قسەکردن بە پێداگیر بوونە، هەتا فەرمووی: دەبێت واز لەم کردەوەیە بهێنن، یان ئەوەتا بینینیان دەردەهێندرێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا باسی کەسانێک چییە کە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا سەیری ئاسمان دەکەن؟» بەردەوام بوو لە قسەکردن بە توندی وپێداگیر بوونە، هەتا فەرمووی: «دەبێت واز لەم کردەوەیە بهێنن، یان ئەوەتا بینینیان دەردەهێندرێت (چاویان لە دەستدەدەن -کوێر دەبن-)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە باسی ئەوە دەکات کە پێویستە نوێژخوێن حاڵی چۆن بێت لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا؛ کە پێویستە پابەندی ملکەچی وهێمنی وسەکینەت وخشوع بێت لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا، ولە نیشانەکانی خشوعی دڵ ملکەچی وهێمن بوونی ئەندامەکانە؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئومەتەکەی ئاگادار کردووەتەوە سەبارەت بە ئەنجامدانی هەندێک کردەوە کە پێویست نەبێت لە کاتی نوێژدا ولەوانەش چاو بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان وئەملاو وئەولا لەکاتی نوێژدا؛ چونکە ئەم کردەوەیە پێچەوانەی ئاداب وپلەوپایەی نوێژکردنە؛ نوێژخوێن داوا دەکات وقسە دەکات ودەپاڕێتەوە لە پەروەردگاری -سبحانه وتعالى-، وپەروەردگاریش لە بەرامبەریەتی لە ئاراستەی قیبلەدا، بۆیە بەرزکردنەوەی چاو وئەملاو ئەولا پێکردنی لە کاتی نوێژی نیشانەی ڕەوشت جوانی نییە بەرامبەر خوای گەورە؛ بەڵکو پێویستە نوێژخوێن ملکەچ بێت وچاوی لە شوێنی سوجدەکەی بێت وچاوی بەرز نەکاتەوە وئەملاوئەولای پێنەکات مەگەر بۆ شتێک زۆر پێویست بێت وەکو ترسی زیانی شتێک پێوەی بدات؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر ئاگاداری وهەڕەشەی داوە سەبارەت بەم بابەتە، وئاگاداری ئەوانەی کردووەتەوە کە چاویان بەرز دەکەنەوە بۆ ئاسمان لە کاتی نوێژدا کە پێویستە واز لەم کردەوەیە بهێنن، وئەنجامی نەدەن، یان ئەوەتا چاویان بە خێرایی لە دەستدەدەن -کوێر دەبن-؛ ولە ناکاو هەستدەکەن نیعمەتی بینینان لە دەستداوە؛ ئەمیش وەکو سزایەک بۆیان بەهۆی کەمتەرخەمیان بەرامبەر پلەپایە ومەزنی نوێژکردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10883

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee